Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080202

# پەراوێزو خاڵبەندی لە لێکۆڵینەوەی مێژوویدا

م. ی دڵپاك جبار علی　　　　　م. ی سنەوبەر سردار ستار

زانکۆی گەرمیان/ بەشی مێژوو/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

**پوختە:**

لێکۆڵینەوە یەکێکە لە پێویستییە هەرە سەرەکیەکانی بەدیهێنانی پێشکەوتنی گشتگیری وڵاتێک و هێزو سەربەخۆیی هەر وڵاتێک لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە و بەرهەمهێنانی زانست بنیاد دەنرێ. بۆیە جۆر و ئاستی چالاکییەکانی لێکۆڵینەوە یەکێکە لە نیشاندەرە سەرەکییەکانی گەشەسەندن و پێشکەوتن. لێکۆڵینەوەی مێژوویش هاوشێوەی لێکۆڵینەوەکانی دیکەی وەک (جوگرافیا، کۆمەڵناسیی، دەروونناسیی...هتد)، ڕێگە و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، پێوستە لێکۆڵەر لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویدا لەبەرچاویان بگرێت و پێوە پابەند بێت، لەم ڕوانگەوە چەندین شێوازی نوسینی پەراوێز لەلێکۆڵینەوەی مێژوویدا هەن، کەپێوستە لەکاتی ئەنجامدانی هەر لیکۆڵینەوەیەک یەکێک لەو شێوازو ڕێگانە لەلایەن لێکۆڵەرەوە بەکاربهێنرێ، هەروەها دەکرێت یەکێک لە شێوازەکان گونجاوتر بێت بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەبەراود لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی تردا، وە یان دەبێت لێکۆڵەر پابەند بێت بەو شێوازەی کە لەلایەن سەرپەرشتیارەکەی یاخود بەش و دەزگاکەوە بۆی دەستنیشان دەکرێت. بەکارهێنانی خاڵبەندیش لە کاتی نوسینی هەر بابەتێکی زانستی گرنگە و پێوستە لێکۆڵەر بەباشی لەبەرچاوی بگرێت بۆ زیاتر بەزانستیی کردنی بابەتەکەی، لەپاڵ ئەمەشدا یارمەتی خوێنەریش دەدا تاوەکو ئاسانتر لە نوسین و بابەتەکە تێبگات.

*Article Info*

Received: April, 2021
Accepted :June ,2021
Published :July ,2021

*Keywords*

پەراوێز، سودی پەراوێز، شێوازەکانی پەراوێز، خاڵبەندی.

*Corresponding Author*

[illegible]

## پێشەکی :

لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی گشتی واتە دەرخستنی ڕاستیی ڕووداوەکان، وە ئەو مەسەلەو کێشانەی کە مرۆڤ لە ژیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی دەکرێت کێشەو مەسەلەکان پەیوەست بن بەڕابردوو یان ئێستا وە یان داهاتوو، بۆیە لێکۆڵینەوەکانیش سێ حاڵەت لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان لێکۆڵینەوەی مێژوویی کە پەیوەستە بەڕووداوەکانی ڕابردوو لەڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە هەوڵدەدرێ ڕاستییە مێژوویيەکان بخرێتە ڕوو، حاڵەتی دووەمیان تیشک دەخاتە سەر چەندێتی و چۆنیەتی مەسەلەکانی ئێستای ژیانی مرۆڤ کە سەرو کاری لەگەڵیاندا هەیە، حاڵەتی سێیەم و کۆتایی پەیوەستە بەداهاتوو کە زیاتر جۆرێکە لە داڕشتنی بەرنامە بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی .

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:** گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە، تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی (پەراوێزو خاڵبەندی لە لێکۆڵینەوەی مێژوویيدا)، کەباس لەو ڕێگاو شێوازانە دەکات کە لێکۆڵەر لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستیی پشتیان پێ دەبەستێ.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** خستنە ڕووی ئەو میکانیزم و هەنگاوانەیە کە لێکۆڵەر پێوستە لەکاتی نوسینی پەراوێزو خاڵبەندی کاریان پێ بکات، تاوەکو بتوانێ بە پشت بەستن بەم هەنگاوانە لەماوەیەکی دیاریکراودا کارەکەی بەسەرکەوتووی ئەنجام بدات.

**هۆکاری هەڵبژاردنی لیکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ کارێکی ئەکادیمی، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەرچەند لەماوەی ساڵانی ڕابردوو چەندین کاری زانستیی سەبارەت بەڕێبازی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامدراوە، بەڵام تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی تایبەت بە پەراوێزو خاڵبەندی لە لێکۆڵینەوەی مێژوویيدا نەنوسراوە.

هەوڵمانداوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپشت بەستن بەڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیی پەراوێزو خاڵبەندی لە لێکۆڵینەوەی مێژوویيدا باس بکەین و هەندێک لەڕێگەکانی ڕوون بکەینەوەو بەشێوەیەکی بابەتیانە لەسەر بنەمای میتۆدی(وەسفی-شیکاری)، ڕاڤەو شرۆڤەی ڕووداوەکان بکەین.

وە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا پشت بەسەرچاوە گەلێک بەستراوە کە هەندێکیان بەزمانی دیکەی وەک عەرەبیی و فارسیی و ...هتد، کە زیاتر بوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوە لەدوو تەوەر پێکهاتووە کە بریتین لە:

تەوەری یەکەم: تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەسەر پەراوێز.
تەوەری دووەمی لێکۆڵینەوەکەش تیشک دەخاتە سەر خاڵبەندی لە لێکۆڵینەوەی مێژوویيدا.

## تەوەری یەکەم: پەراوێز:

پەراوێز بریتیە لە کۆمەڵێک لە دەستەواژە یان ڕستە کەلە دەقێک یان لە وتەی نوسەرێک یان بێژەرێک وەربگرێت و لە دەقێکی تر دوبارە بکرێتەوە. 1 یان پەراوێز بریتیە لە هەرشتێک کە لە دەق دەربچێت، ئەوەش لێکدانەوە، شیکردنەوە یان ئاماژە پێکردن بێت، کەبە هێڵێک لەدەق جیادەکرێتەوە.2 کەواتە بۆ پاراستنی ڕاسپاردەو بەرگریکردن لە ڕۆحی لێکۆڵینەوە، لێکۆڵەر دەبێت هەموو ئەو زانیاریانەی بەکاری دەهێنێت بیگەڕێنێتەوەو دیاری بکات لە کام سەرچاوە وەری گرتووە، بەکارهێنانی ڕێگە پێنەدراو و بەبێ بەڵگە لە زمان و ئەندێشەی نوسەرێک وە نوسینیان بە ناوی خۆتەوە دەچێتە بواری دزی زانستیی؛ ئەم کارە چ بە مەبەست بێت یان بەبێ مەبەست ڕێگە پێدراو نیە، تەنانەت لە دەستەواژەو بیرۆکەی نوسەرانی دیکە دەبێت خۆپارێز بین و بیانخەینە نێو کەوانەوە، بۆ ئەم کارە دەبێت زانیاری تەواوی کتێب و ژمارەی لاپەڕە یان لاپەڕەکانی تۆمار بکرێت. دیارە لێکۆڵینەوەیەک کە سودی لەگەلێک سەرچاوە وەرگرتبێ، وە پەراوێزو ڕوونکردنەوەی فراوانی هەبێت بەهێزترو دەوڵەمەندتر دەبێ. 3

بابەتی پەراوێز نوسین لە ڕاستییدا درێژەدەرو پەیوەستە بە بابەتی وتەی وەرگیراو، بەو جیاوازیەیی کە ئەگەرچی ئاماژەدان بە تەواوی وتە هەمەجۆرەکان لە ناوەڕۆکدایە، بەڵام شوێنی نوسینی ناونیشانیان لە پەراوێزدایە، لەبنەڕەتدا پەراوێز نوسین لە وەڵامدانەوەی دوو مەسەلە ئەنجام دەدرێت: یەکێکی ئەوەیە کە، نوسەر لە ناوەڕۆک خاڵێک، بابەت یان دەستەواژەیەک باسدەکرێت وە بۆ زانیاریی و ئاگاداربوونی زیاتر، ڕوونکردنەوەی خۆی لە پەراوێز دەنوسێ. لەوانەیە ناوی کەسێک ببرێت وە لێکۆڵەر بۆ زانیاری زیاتری خوێنەر، خستنەڕووی کورتە باسێک لە بارەی کەسەکەوە بە پێوست بزانێت و وە لە پەراوێزدا ئاماژەی پێبکات، ئەم جۆرە لە نوسینی پەراوێز، (پەراوێزی ڕوونکردنەوەی)ە. ئەوەی دیکەیان، نوسەر بۆ ئەو مەبەستەی لەبەشی پێشوودا هاتووە کاتێک بابەتێک وەک گەواهی بۆ کەسانێک لە ناوەڕۆکدا بەکاردەهێنێ، بەڵام بۆ درێژەدان بە زانیارییەکانی پەیوەست بەم بابەتە، دەبێت زانیاریی و ناونیشانی ئەو سەرچاوەی زانیارییەکانی لێوەرگرتووە لەپەراوێز ئاماژەی پێبکات، ئەم کارە (دۆکۆمێنتکاری لێکۆڵینەوەیە).4 وە یەکێک لە گرنگترین

جیاوازییەکان لە شێوەکانی لێکۆڵینەوەوە، جیاوازی لە شێوازی پەراوێز دانان یان ڕیفرێنسە، واتە ئەگەر بتەوێت ئاماژە بەناوی سەرچاوەیەک بکەی، هەر کەسێک شێوازی نوسینی ئەم سەرچاوەیە بەشێوەی سەلیقەیی یان بە پێی فێربوون و ئەزموونی خۆی دەنوسێ، لێرەدایە جیاوازی بنەڕەتی لەشێوازی پەراوێزدانان دروست دەبێت، مەگەر نا لەشێوازەکانی دیکەی نوسین بەگشتی کەمتر جیاوازی هەیە.5 هەروەها دەبێت ئەوە بزانین لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ بەڵگەی باوەڕپێکراو حوکمی لەسەر دەدرێ، وە بەپێی کێش و بەهای زانستیی بەڵگەکان سەبارەت بە بایەخ و دەستکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بڕیاری لەسەر دەدرێت، بۆیە پەراوێز لەو جۆرە دەستەیە کە بەوردی جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی خوێنەری بە ئەزموونە، پێوستە لە تۆمارکردنی پەراوێزەکان تەواوی پێوەری زانستیی و ڕێبازی باوەڕپێکراوی جیهانی لەبەرچاو بگیرێت.6

## ئامانج و سوودی پەراوێز نوسین چیە؟

یەکەم: بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە بابەتێک کە باسکردنی لە ناوەڕۆکدا دەبێتە هۆی درێژەدان و پچڕاندنی.

دووەم: بۆ بەراودکاری، بۆ نموونە لە کاری وەرگێڕان، لەوانەیە لەپەراویز بۆ بەراود کاری خوێنەر، بابەتێک بە زمانی ڕەسەن بێنێ وە یان ژمارەیەکی زۆر لەچاپی بەرهەمێک بخرێتە ڕوو.7

سێیەم: بۆ ڕاڤەو شیکردنەوەی هەندێک خاڵ کە دەکرێت لە دەرەوەی بابەتی باسکراو بێت.8

چوارەم: پەراوێز ناونیشانی وردی سەرچاوەی بنەڕەت دەخاتە بەردەم خوێنەر.

پێنجەم: بۆ لەبەرچاوگرتنی خاوەنی زانیارییەکان و ڕێگەگرتن لە دزی زانستیی، دەبێت بە وردی پەراوێز نوسین یان دۆکۆمێنتاری ئەنجام بدرێت.9

شەشەم: لە پەراوێز دەکرێت ئاماژە بە ناوی سەرچاوەی دیکە بکرێ بۆ سود وەرگرتن و بەرچاو ڕوونی زیاتری خوێنەر.10

حەوتەم: پێناسەو ناساندنی وشە یان چەمکێک کە لە ناوەڕۆکدا بەکاردەهێنرێت، هەندێک جار پێوستە لە پەراوێزدا پێناسە بکرێ.

هەشتەم: ئاماژەدان بە پەرەگرافێک پەیوەست بە بابەتێکی دیاریکراو وەک پەسەندکردنی بیرۆکەیەک یاخود ڕەتکردنەوەی بیرۆکەیەک، بەڵام دەکرێت لە ناوەڕۆکیشدا ئاماژەی پێ بکرێت.11

نۆیەم: بەکارهێنانی بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک بابەت ، وەک بیروڕای تایبەتی لێکۆڵەر سەبارەت بە مەسەلەیەک.12

دەیەم: بیرخستنەوەی خوێنەر لە بابەتێک کە پێشتر باسکراوە.(کە ئەم بابەتە یان چەمکە پێشتر لە بەشی یەکەم، تەوەری یەکەم ڕوونکراوەتەوە یان باسکراوە).13

وە هەندێک جار لێکۆڵەر سود لە ئەستێرە(*) بۆ دەستەواژەکان، پێناسە یان پەرەگرافەکان وەردەگرێ، پاشان لە پەراوێزدا دایان دەنێت، واتە لە بری ژمارە سودیان لێ وەردەگرێ، بەڵام ئەگەر لە لاپەڕەیەکدا زیاتر لەیەک دەستەواژەو پێناسە هات، دەبێت لە ناوەڕۆک و پەراوێزیشدا ژمارەی ئەستێرەکان زیاتر بکرێت. واتە بەم شێوەیە: ١. (*)، ٢.(**)، ٣.(***) ...14.

## لە لێکۆڵینەوەی زانستیی دا چوار جۆر پەراوێز باوە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە:

### یەکەم: پەراوێز لە ناوەڕۆکدا :

پەراوێز لە ناوەڕۆکدا لەشێوازە نوێیەکانی لێکۆڵینەوەیە، ئەم شێوازە یەکەم جار لە ئینسکلۆپیدیاکان دەرکەوت، وە پاش ئەوە لەوتارە زانستییەکان وە سەرئەنجام لە هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەکان بەتایبەت کتێبەکان بەکار هات، ئەم جۆرە بۆ ئەوەیە تاوەکو خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکەدا سەرچاوەو پەراوێزەکانی بە ئاسانی لە پێش چاوی بن،15 وە زۆرێک لە لێکۆڵەرانی بەرجەستەی ڕۆژئاوایی باوەڕیان وایە کە خوێنەر لە هەر ساتێکدا پێوستە پەراوێزەکان ببینێ و لەبەرچاوی بن، بەپێی ئەم شێوازەش تەنانەت لە کۆتای لاپەڕەشدا نیە، بەڵکو دەبێت پەراوێز لە ناوەڕۆکدا بێت، بۆ ئەوەی زنجیرەی هزری خوێنەر نەپچڕێ.16 هەروەها لەم شێوازە لێکۆڵەر لەهەر جێگەیەک بە پێوستی زانی دوو کەوانە دەکاتەوەو پەراوێزی پێدەدا، مەبەست لە پێوست بەمانای ئەوەی کەلە جاری یەکەمیشدا تەنها ئاماژە بەناوی گەورە یان نازناو و بەرواری بڵاوکردنەوەو لاپەڕە دەدا، وە زانیارییەکانی تر لە پێرستی پەراوێزی کۆتای تەواو دەکات، وەک(سەردەشتی، ٢٠١١: ل٣٠٠).17

**دووەم:** نوسینی پەراوێز لە دامێنی لاپەڕە: بەربڵاوترین ڕێگە لە پەراوێز نوسین نوسینی پەراوێزە لەکۆتایی هەر لاپەڕەیەکدا.18 یان ئەم جۆرە بەڕوونکردنەوە، ڕاوبۆچوون، یاداشت وە یان پەراوێزێک دەوترێ کەلەدەرەوەی ناوەڕۆک و لە دامێنی هەر لاپەڕەیەک دەنوسرێ، بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە لە پەراوێز کورتن؛ وەک نوسینی ووتەی وەرگیراو، ناوی لاتینی کەسێک یان دەستەواژەیەک لە جێگەیەک کە پێوست بە پەراوێز دەکات دەبێت لەسەر کۆتا وشەی مەبەست یان کەوانەی ووتەی وەرگیراو، ژمارە دادەنێن (ژمارەیەکی ورد

بەرزتر لە هێڵی زەمینی ناوەڕۆک) دادەنرێ، وە هەمان ژمارە لە دامێنی هەمان لاپەڕە دوبارە دەکرێتەوە، وە دواتر زانیارییەکانی پەراوێزەکە دەنوسرێ.19 پاشان بۆ هەر لاپەڕەیەک بە ژمارە یەک دەست پێدەکات بەبێ پێوست بەردەوام دەبێت، وە لەلاپەڕەی دواتر دیسان لە ژمارە یەکەوە دەست پێدەکات.20 بەڵام ئەم جۆرە لە پەراوێز بەپێچەوانەی نوسینی پەراوێز لە ناوەڕۆکدا لەجاری یەکەمدا تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بەو سەرچاوەی بەکاری دەهێنێ دەنوسرێ، ئەم شێوازی پەراوێزە لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی باشترینە، لەبەر ئەوەی ڕێگەدەدا خوێنەر یەکسەر کۆنترۆڵی پەراوێز بکات و لە هەمان کاتدا ئەم جۆرەش لەکاتی خوێندنەوە نابێتە هۆی پچڕانی بیری خوێنەر.21

**سێیەم:** نوسینی پەراوێز لە کۆتای بەشەکە: لەم شێوازە پەراوێزەکانی هەر بەشێک لەیەکەم لاپەڕەوە ژمارەیان بۆ دادەنرێت تا کۆتای بەشەکەو بە زنجیرە ژمارەکانیان بەدوای یەکدا دەڕوات، وە لەم جۆرەدا پەراوێزەکان لەدامێنی لاپەڕە نانوسرێ، بەڵکو تەواوی پەراوێزەکان پێکەوە لە کۆتای هەر بەشێکی لێکۆڵینەوەکە دەنوسرێ.22

بەشێوەیەکی گشتی بۆ نوسینی وتار لە گۆڤارە زانستییەکان ئەم جۆرە لە پەراوێز نوسین باوە، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی گشتی هەر ناوەندێکی زانستی یان گۆڤارە جیاوازەکان بۆ پەراوێز نوسین شێوازێک لەپەراوێز بەکاردەهێنن کە دەبێت نوسەر پەیرەوی بکات.23 بەڵام ئەم جۆرە لە پەراوێز کارێکی یەکجار قورس و گرانە بۆ خوێنەرو مامۆستای سەرپەرشتیار، چونکە دەبێت بۆ وەرگرتنی زانیاری هەر پەراوێزێک بگەڕێتەوە بۆ کۆتای بەش.24

**چوارەم:** نوسینی پەراوێز لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکە: ئەم شێوازەش لەپەراوێز تاڕادەیەک نزیکە لەڕێگەی پێشوو، چونکە بەهەمان شێوە لەلاپەڕە یەکەوە ژمارە یەکی پەراوێز دەنوسرێ لە کۆتا لاپەڕەی لیکۆڵینەوەکە کۆتایی دێت، کەواتە هەموو پەراوێزەکانی لێکۆڵینەوەکە لەکۆتایدا دەنوسرێ.25 نوسینی ئەم جۆرە لەپەراوێز لە جۆرەکانی دیکە ئاڵۆزترە، لەبەر ئەوەی لێکۆڵەر وا لێدەکات هەر لەسەرەتاوە تا کۆتای بە ژمارە دەست پێبکات، بەمەش کاری لێکۆڵەرو خوێنەر سەخت دەبێت کە دەبێ بۆ وەرگرتنی زانیاری هەر یەک لە پەراوێزەکان بگەڕێتەوە بۆ کۆتایی لێکۆڵینەوەکە، ئەمەش دەبێت هۆی پچڕانی بیری خوێنەر.26 وە بۆ نوسینی پەراوێز شێوازی جیاواز پێشنیاز کراوە، لێکۆڵەر دەبێت بزانێت کە کام لەم شێوازە

بەکاربهێنێت. لەنوسینی ووتە وەرگیراوەکان لە لێکۆڵینەوەی وتاری، دەبێت ئەو شێوازە پەیرەو بکەین کە گۆڤارەکە داوای دەکات؛ لەبەر ئەوەی هەر گۆڤارێک شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە. لانی کەم حەوت شێوازی بەناوبانگی نێودەوڵەتی هەیە کە هەریەکەیان لەبەشە زانستییە جیاوازەکاندا کاری پێدەکرێ، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم:** شێوازی ئەنجومەنی دەروونناسی ئەمریکا (APA)بۆ بەشەکانی دەروونناسی، پەروەردە و فێرکردن و بەشەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێت و لە ناوەڕۆکدا دەنوسرێ. نموونە(برایم فەرشی، ٢٠٠٨، ل٥٠).27

**دووەم:** شێوازی ئەنجومەنی زمانی مۆدێرن (MLA)لە ئەدەبیات، هونەرو زانستە مرۆڤایەتیەکان، لەم شێوازەدا سەرەتا تەواوی سەرچاوەکان لە لیستی سەرچاوەکان بەڕیزبەندی ئەلفبا ڕیز دەکرێ، پاش ڕیزبەند کردنیان بە ژمارە، ژمارەی ئەو سەرچاوەی بەکاری دەهێنی لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەکە لە ناو دوو کەوانە لە ناوەڕۆکدا دەنوسرێ. نموونە(٦: ٩٨) ژمارەی (٦) ژمارەی سەرچاوەکەیە، ژمارەی (٩٨) ژمارەی لاپەڕەی سەرچاوەکەیە .

**سێیەم:** شێوازی ئەنجومەنی پزیشکی ئەمریکا (AMA)لەبواری پزیشکی، تەندروستی و دەرمان، زانستی ژینگەناسی بەکاردێت، وە ئەم شێوازە لە ناوەڕۆکدا تەنها ژمارە بەکاردەهێنرێ لەگەڵ ژمارەی لاپەڕە بەم شێوەیە دەنوسرێ: "ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق، لەساڵی ١٩٦٥ دامەزرا، ڕێکخراوێکی ئسلامیی- چەپی ڕادیکاڵە".٥(ل٣٢)، بەڵام لە لیستی سەرچاوە بەم شێوەیە دەنوسرێ: فاتیمە سەمادی، تەوژمە سیاسیەکانی ئێران، و. بەرزانی مەلا تەها، سلێمانی؛ ٢٠١٥/. 28

**چوارەم:** تورابیان(Turabian)، شێوازی نوسینی لێکۆڵینەوەی پۆلی، نامەو لێکۆڵینەوەی دەرچوون بۆ خوێندکاران تەرخانکراوە، وە ئەم شێوازە لە دامێنی هەر لاپەڕەیەک دەنوسرێ یان لە کۆتای هەر بەشێک. نموونە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چین ژلهێزی نوێی جیهان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

**پێنجەم:** شێوازی زانکۆی هارڤارد، شێواز "نوسەر- بەرواری بڵاوکردنەوە"ی پێشنیاز کردووە لە ناوەڕۆکدا دەنوسرێ، وە لەبەشەکانی زانستی سروشتی، زانستی کۆمەڵایەتیی و نوسراوەکانی زانکۆیی بەکاردەهێنرێت. نموونە: (کاوسی، ٢٠٠٧).

**شەشەم: شێوازی:IEEE**

یەکێکە لە شێوازە گرنگەکانی پەراوێز کە لە زۆربەی زانکۆکانی وڵاتی بەریتانیادا بە کاردێت و بە تایبەت لەبەشە زانستییەکانی

وەکو ئەندازیاری و کۆمپیوتەر، وە بۆ  رۆژنامە و گۆڤارە ئەکادیمییەکانیش پشتی پێ دەبەسترێت، لەم شێوازەدا پێویست بە دانانی زانیاری دەربارەی کتێب و نووسەر و ساڵی سەرچاوە لەنێو تێکستەکە یاخود لەدامێنی لاپەرەکە ناکات ، بەڵکو تەنها پێویستە ژمارەیەک بۆ سەرچاوەکە دابنێن لەنێو دوو کەوانەدا لە دوای تەواو بوونی پەرەگرافەکە، بەم شێوەیە (١) یان (٢)، دواتر لە هەر بەکاهێنانێکی ئەو سەرچاوەیەدا هەمان ژمارە بەکار دەهێنرێت، پاشان لەکۆتایی توێژینەوەکەدا بەپێی ژمارەکان ریزبەندی دەکرێت نەک بە پێی ئەلفبای ناوەکان،وە ناوی یەکەمی نووسەر تەنها یەکەم پیتی دەنوسرێت و ناوی کتێب ئیتالیک دەکرێ. نموونە: [1]ن. دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستان، و. ئەحمەد فەتاح دزەیی، هەولێر:چاپخانەی ....، ٢٠٠١، ل٢٠. 29

**حەوتەم:** شێوازی زانکۆی شیکاگۆ (CMS)بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب، گۆڤار، رۆژنامە وە لە بوارەکانی دیکەش بەکاردەهێنرێت، ئەم شێوازە لە ناوەرۆکدا دێت، لە پاش تەواو بوونی هەر پەرەگرافێک کە پێویست بە پەراوێز بکات دوو کەوانە دەکەینەوەو زانیارییەکانی سەرچاوەکە دەنوسین. نموونە: (ئەیوب زادە، ٢٠٠٢: ٤٨١).30

ئەگەرچی شێوازی زۆر هەن بۆ نوسینی پەراوێز، بەڵام لە راستییدا جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نیە، بەشێوەیەکی گشتی هەموو شێوازەکان بۆ نوسینی ووتە وەرگیراوەکان و پەراوێزەکان دوو شێوازی جیاوازیان پێشنیاز کردووە کە بەپێی بابەت و بەشە زانستییەکان لەگەڵ یەکدا جیاوازیان هەیە:

**یەکەم:** شێوازی "نوسینی ناوی سەرچاوە"، ناسراوە بەشێوازی زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەم شێوازە سەرچاوە زیاتر لە نوسەر بایەخی هەیە، گەڕانەوە بۆ ئاسەواری مێژوویی و هەندێک دەستنوسی بێ ناونیشان و کۆن لەم شێوازە زانستیانە ترو وردترە.

**دووەم:** شێوازی پەراوێز "نوسەر، بەرواری بڵاوکردنەوە"، لەم شێوازە ئاماژە بەناوی نوسەرو بەرواری بڵاوکردنەوەی سەرچاوە دەکرێت، لە بەشەکانی زانستە سروشتیەکان و تەکنۆلۆژیا، ساڵی بڵاوکردنەوە بەهۆی بایەخی ماوەی بەرهەمهێنانی زانست زۆر گرنگە، چونکە هەرچی زانیارییەکان نوێترین بایەخی زانستیان زیاترە.31

**شێوازەکانی پەراوێز بە گوێرەی سەرچاوە جیاوازەکان:**

لەم شێوازە دەکرێ لێکۆڵەر کۆمەڵێک رێو شوێن هەن لەکاتی بەکارهێنانی سەرچاوە جیاوازەکان بیانگرێتە بەر، بەم شێوەی خوارەوە-:

**1.بەڵگەنامە :**

**أ.بڵاونەکراوە:**

فەرمانی دۆکۆمێنت، وەرگر یان وەرگرەکانی دۆکۆمێنت، بەرواری دۆکۆمێنت، ژمارەی دۆکۆمێنت، ژمارەی لاپەڕەکان، شوێنی مانەوەو ژمارەی فایل.

لەوانەیە هەموو بەڵگەیەک هەموو ئەو زانیاریانەی سەرەوەی نەبێت، بۆیە زانیاری بەپێی پێوست بەسە.

نموونە: نامەی ژمارە(٢٩)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، لێژنەی ناوچەی سلێمانی بۆ عەبدولحەمید، ٢٠/ کانونی دووەم/١٩٧١.

وە کاتێک ئەم دۆکۆمێنتانە لە لیستی سەرچاوە دەنوسرێ، سەرەتا شوێنی مانەوەی بەڵگەکە دەنوسرێ، وە دواتر هەموو زانیارییەکان بەهەمان شێوەی پەراوێز دەنوسرێ.32

**ب. بڵاوکراوە:**

لە کوێوە بۆ کوێ(دامەزراوە یان وەزارەتەکان)، بەرواری دۆکۆمێنت، فایلی ژمارەی دۆکۆمێنت، لاپەرە.

نموونە: نامەی مەکتەبی عەسکەری لەشکری ئیسلام بۆ لقی سلێمانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ٢٣/ حوزەیران/ ١٩٨٢.

**ج. بەڵگەنامەی حکومی(چاپی یان ئینتەرنێتی :(**

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوکراوەی حکومەت لە واشنتۆن(D.C)، زۆربەی دۆکۆمێنتەکانی حکومەتی فیدراڵ بەشێوەی چاپکراو یان لەرێگەی ئینتەرنێتەوە خستویەتیە خزمەت خوێنەران، بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە بەڵگەنامە، بەم شێوەی خوارەوە دەبێت-:

ناوی وڵات، پارێزگا، ئەو شارە یان ئەو وڵاتەی بەڵگەنامەکەی بڵاوکردۆتەوە؛ ناوی نوێنەرانی یاسادانەرەکان، نوێنەری دادوەری یان بڕیاردان یان ئەو بەشانەی کە رۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکەدا هەبووە، ناونیشانی دۆکۆمینتەکە، ناوی نوسەر، ژمارەی بڵاوکراوە، بڵاوکەرەوە، ئەگەر هەبێت(نوسینگەی بڵاوکراوەی حکومی یان Govermment Printing Office)ئەتوانرێ بەشێوەی کورتکراوەی (GPO) بنوسرێ، بەروارو ژمارەی لاپەڕەکانیش دەبێت بنوسرێ، ئەگەر لەرێگەی ئینتەرنێتەوە دۆکۆمێنتەکە بەکارهێنرا، دەبێت ناونیشانی سایتەکەش بنوسرێ.33

**نموونە:**

Dwight D. Eisenhower, "Statement by the Persident on Establishing the Presidents Committee on International Information Activities, "Public Papers of the Presidents of the United States; Dwight D. Eisenhower, 1953(Washington DC:GPO, 1960), 8.

**2.دەستنوس :**

پەراوێز بۆ دەستنوس کە بەشێوەی دیاریکراو لە چەند کتێبخانەیەکی تایبەتی یان گشتی لە وڵاتانی جیاواز دەپارێزرێ، کەمێک جیاوازترە لە کتێب لە کاتی بەکارهێنانی لە پەراوێز. واتە لەبری جێگەی شوێنی چاپ ئاماژە بەو شوێنە دەکرێ کە دەستوسەکەی تێدا پارێزراوە، وە لە جێگەی لاپەڕە دەستەواژەی بەرگ بەکاردەهێنین.34 نموونە: نامەی د. قاسملوو بۆ ایت الله خومەینی، ١٣٥٩/١/٢٣هـ، ١٩٨٠/٤/١٤، دەستنوس، ئەرشیف حدکا.

**3.نامە زانکۆییەکان :**

ناوی نوسەر، ناونیشانی نامەکە، پلەی نامەکە(ماستەر، دکتۆرا)، زانکۆ یان دەزگا، بەروار، لاپەڕە.35 نموونە: سنەوبەر سەردار ستار، شێخ عیزەدینی حوسەینی(١٩٧٩-١٩٨٩)، ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٦، ل٣٦.

**4.کتێب:-**

**کتێب یەک نوسەری هەبێت:** ناوی نوسەر، نازناو، ناوی سەرچاوە، ناوی وەرگێڕ، ژمارەی بەرگ، ناوەندی پەخش و بڵاوکردنەوە، شوێنی بڵاوکردنەوە، مێژووی بڵاوکردنەوە، ژمارەی چاپ، لاپەڕە.

نموونە: ئێریک جەی زوجەر، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، و. یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، چ٢، ل٣٠.

**کتێب دوو یان سێ نوسەری هەبێت:**

**نموونە:** ئیبراهیم خەلیل ئەحمەدو خەلیل عەلی موراد، مێژووی ئێران و تورکیا، و. بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل٤٣.

**کتێب زیاتر لە سێ نوسەری هەبێت:** ناوی یەکەم نوسەر+ ئەوانی تر.36

**نموونە:** جەلیلی جەلیل و ئەوانی تر، شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، و. بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٤.

هەروەها دەبێت ناوی سەرچاوەکان بەزمانی خۆیان بنوسرێ.37

نموونە: احمد نوري النعيمي، تركيا و حلف شمال الاطلسى، بغداد، ١٩٨١، ص٥٣.

Example; Kerim Yildiz; The Kurds in Iraq the Past, Present and Future, Landon Ann Arbor,mi, 2004.

**بەڵام لە دووەم بەکارهێنانی سەرچاوەیەک بەم شێوەیە دەبێت:**

ناوی نوسەر یان نازناو، سەرچاوەی پێشوو یان بەکورت کراوەی دەنوسرێ(س. پ)، لاپەڕە.

**نموونە:** شەیما سەعید حمەلاو، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران-کۆمەڵە(سازکا) (١٩٦٩-١٩٨٨)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧. ل٣٣.

شەیما سەعید حمەلاو، س. پ، ل٢٣.

جعفر حسين نزار، الثورة الاسلامية في ايران وقائع واحداث، ١٩٧٩، ص٢٠.

جعفر حسين نزار، م. س. ص٣٢.

Daivd Romano; The Kurdish Nationalist Mavments, Opporttunity Mobilization,and Identiy Inter- University Consortium for Arab and Middle East Studies, Montreal, Canada,2006, p35.

Daivd Romano; I bid, p43.

ئەگەر هاتوو هەمان سەرچاوە بەبێ دابڕان بەکارهێنرا دەنوسین (هەمان سەرچاوە یان بە کورتکراوەی "هـ. س").38

نموونە: نادر ئینتسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و. عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، 2004، ل٢٣.

هـ. س.

وە لەکاتێکدا کتێبێک یەکجار چاپکرابێت و یەک بەرگ بێت نۆرەی چاپ و ژمارەی بەرگ ئاماژەی پێناکرێ، وە لە لیستی سەرچاوەکان نازناوەکانی وەک دکتۆر، ئەندازیار، مامۆستا، شێخ ...هتد لەپێش ناوی کەسەکە لادەبرێت، مەگەر ئەوەی ئەم نازناوە بەشێک بێت لە ناوی کەسەکە.

**ئەگەر کتێبێک ناوی نوسەر نەنوسرا بێت:**

______، ناوی کتێب، شوێنی چاپ، ساڵی چاپ، لاپەڕە.

نموونە: ______، قاسملۆ ڕێبەرێکی مۆدێرن، ل٤٥.

واتە لە جێگەی ناوی نوسەر هێڵێک دادەنێن، وە لە پەراوێزەکانی دیکە ناوی کتێبەکە دەنوسرێ، لەبەر ئەوەی لە لیستی سەرچاوە سیستەمی ئەلف بێ بەکاردەهێنرێ بۆ ئەم جۆرە سەرچاوانە پیتی یەکەمی ناوی کتێبەکە لە ڕیزبەندی ئەلف بێدا دادەنرێت.

**ئەگەر دوو یان چەند بەرهەمی نوسەرێک بەکارهێنرا، دەبێت بۆ جاری یەکەم هەموو زانیارییەکان بنوسرێ، بۆ جاری دووەمیش ئاماژە بە ناوی سەرچاوەکە بکرێ .**

**جاری یەکەم:**

**نموونە:** جەلیل گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ٢٠٠٠، ل٣٢.

جەلیل گادانی، لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل٥٢.

**بۆ جاری دووەم:**

جەلیل گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل٣٤.

جەلیل گادانی، لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە، ل٤٣.

**کتێب زیاتر لە یەک بەرگی هەبێت.39**

لەپاش ناوی سەرچاوە دەنوسرێ ئەگەر وەرگێر هەبێت لە دوای ناوی وەرگێر دەنوسرێ.

نموونە: بەهمەن سەعیدی، خەبات بەرەو سەرکەوتن، ب١، ٢٠١٢، چ٣، ل٣٤.

**٥ .ڕۆژنامەو گۆڤار:**

ناوی نوسەر، ناونیشانی وتار، ناوی ڕۆژنامە یان گۆڤار، ڕۆژو مانگ و ساڵی بڵاوکردنەوە، ژمارەی لاپەڕە، ئەگەر ناوی نوسەر نەبوو ناوی وتار دەنوسرێ.40

ڕۆژنامە:

**نموونە:** ئاسۆ حەسەنزادە، چاو خشاندنێک بەسەر ٦٥ ساڵ پێوەندی نێو نەتەوەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کوردستان، ئۆرگانی ناوەندی حدک، ژ٥٤١، یەک شەمە ٣١/ گەلاوێژ/ ١٣٨٩-٢٢/ئاگوست/٢٠١٠، ل٣.

گۆڤار:

**نموونە:** قاسم ئەحمەدی، گوتارە ڕۆشنبیرییەکان لە کوردستانی ئێران، پێشڕەو، ژ١٨، حوزەیرانی ٢٠١٠، ل٢٢.

٦ **.چاوپێکەوتن:** ئەگەر هاتوو چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کەسێک ئەنجام دا هاوشێوەی ئەم نموونەی خوارەوە دەنوسرێ.41 وەک

چاوپێکەوتنی سنەوبەر سەردار لەگەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، ٢٠١٤/١٢/٢٤.

٧ **.ئایاتی قورئان:** بەم شێوەیەی خوارەوە دەتوانین ئایاتی قورئانی پیرۆز لەپەراوێز بەکاربهێنین:

ژمارەی ئایەت، ناوی سورەت.

نموونە: ئایەتی(٢٠)، سورة الملک.

**٨ .فەرموودەکانی پێغەمبەر(صلی علیه وسلم ):**

ناوی گێڕەرەوە، (ئەگەر هەبێ)، بەرگ، ژمارەی فەرموودە.42

نموونە: فەرموودەی ژمارە(٥٠)ی سەحیحی بوخاری.

٩ **.ئینسکلۆپیدیاو فەرهەنگ:** بەکارهێنانی ئینسکلۆپیدیا لە پەراوێز ناوی نوسەر دەنوسرێ نەک سەرپەرشتیاری ئینسکۆپیدیاکە یان کەسانی تر.43

نموونە: عەبدوڵا عەلیاوەیی و ئەوانی تر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر(اربیل)، ب٢، لوبنان، ٢٠٠٩، ل٦.

فەرهەنگ:

نموونە: هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگ، تاران، ١٩٩٠، ل٣٣.

**١٠ .دەزگای تەلەفزیۆن و ڕادیۆ:**

ناوی بێژەر ناونیشانی وتووێژ، ناوی دەزگا، شوێن و کاتی بەرنامەکە.44

کاوە ئەمین، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا حەسەنزادە، بەرنامەی پەنجەمۆر، کەناڵی ڕووداو، (١١/حوزەیران/ ٢٠١٨).

**١١ .فیلم:**

ناوی فیلم، ناوی دەرهێنەر، شوینی دەرهێنان، ساڵی دەرهێنان.45

**نموونە:**

فیلمی (هەڵۆکانی جەنگ)، باس لە قارەمانیەتی و ڕووبەڕووبونەوەی پێشمەرگە لەگەڵ داعش دەکات، دەرهێنانی کاروان ئاوات، ٢٠١٦.

**١٢ .وتاری چاپ نەکراو لە سیمینارداا :**

ناوی نوسەر، ناوی وتار یان لێکۆڵینەوە، شوێنی سیمینار، پێشکەشکاری سیمینار، بەرواری پێشکەشکردنی سیمینار.46

نموونە:

بێستون عەبدولکەریم، زانکۆ و مرۆڤ سازی، زانکۆی گەرمیان- کۆلێژی پەروەردە، ١١/شوبات/ ٢٠٢٠.

**13.ئیمێڵی تایبەتی:** لە پەراوێز ناوی نوسەرو جۆری نوسراو و بەرواری نوسراوەکە ئاماژەی پێ دەکرێت، بەڵام نامەکان یان ئیمێلەکان لە لیستی سەرچاوە نابێت بنوسرێ، هەروەها لە پەراوێزدا نابێت ئاماژە بە ئیمێڵی تایبەتی خۆت بکەی.47

نموونە :

, e-mail message to author, jul16,019.zahra ali kurdi

**14.موحازەرە:**

پێشکەشکاری موحازەرە، ناونیشانی موحازەرە، ناوی زانکۆ و کۆلێژ، شوێنی بڵاوکردنەوە، بەرواری بڵاوکردنەوە، ژمارەی لاپەڕە.48

**نموونە:** سنەوبەر سەردار ستار، کوردناسی لای بەریتانیەکان، زانکۆی گەرمیان کۆلێجی پەروەردە، کەلار، ٢٠٢٠/٢/٣، ل٣.

**15.سەرچاوەی ئەلکترۆنی:**

بەکارهێنانی ئەم سەرچاوەش هاوشێوەی سەرچاوەکانی دیکەیە، بەو جیاوازیەی لە کۆتاییدا ناونیشانی ئەو سایتەی زانیارییەکانی لێ وەرگیراوە دەنوسرێت .

نموونە: ئەحمەد ئەسکەندەری، پەیام بۆ ڕێورەسمی ڕێزلێنان لە مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی، ئۆپسالا، سوێد، http://helwist.com/Mamosta/27%20%202%20%20Ehmed%20es kenderi.htm

ئەگەر بۆ جاری دووەم بەکار هێنرا هاوشێوەی پەرتوک تەنها ناوی نوسەر دەنوسین، بەڵام ئەگەر زیاتر لەیەک بەرهەمی نوسەرێک بەکارهێنرا، دەبێت وەک کتێب دوای ناوی نوسەر ناوی بابەتەکە بە کورتی لە کاتی دووەم بەکارهێنانیدا ئاماژەی پێ بکرێت.4

**تەوەری دووەم: خاڵبەندی لە لێکۆڵینەوەی مێژوویدا:**

خاڵبەندی بۆ خوێنەر یان نوسەر بایەخێکی زۆری هەیە، لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆ نوسەران لە نوسینەکانیاندا سودیان لەو هێماو نیشانانە وەرگرتووە کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ڕستەکان و مانای تەواویان پێدە بەخشێ.50 جگەلەوە خاڵبەندی خوێندنەوەی دەقەکە ڕوونترو ئاسانتر دەکات، لەم پرۆسەدا بەستنەوەو نەبەستنەوەی وشەکان بەیەکەوە دەخرێتە ڕوو، وە ئەم نیشانانەش دەبێت لە کاتی گونجاو و پێوستدا دابنرێت واتە بەگوێرەی دەقەکان کە پێوست بە کام جۆر لە نیشانە دەکات.51 وەک دەزانین مرۆڤ لە ڕێگەی هێزی بیرو سۆزیەوە هەستی خۆی دەردەبڕی، وە لەڕێگەی زمان و نوسین مەبەست و بیرکردنەوە هزرییەکانمان بەکەسانی دەوروبەرمان دەگەیەنین، وە پەیامەکانی خۆمان بەو وشانەی کە لە گەنجینەی زمانی نەتەوەی خۆماندا هەیە بۆ ئەوانی دەگوازینەوە، بەڵام ئەم وشەو دەستەواژانە لەگەڵ ئەو هەموو چەشنەی چ لە دەربڕین یان نوسین هەیەتی بۆ هەندێک حاڵەتی دەرونی وە واتای هزری بە تەنها بەس نیە، بۆیە بۆ قەرەبووکردنەوەی پێوستە لەکاتی ئاخاوتن گۆڕانکاری لە ژێیەکانی دەنگ، ئاماژە کردن بەچاو و دەست و ڕووخسار بەکاربهێنرێ. وە لەکاتی نوسینیشدا دەبێت هێماو ئاماژە جهانیەکان بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دەستەواژەکان بەکاربێنرێ، کە بەیارمەتی ئەوانە لێکۆڵەر دەتوانێ هەستی خۆیی و وە ئەو خاڵانەی کە ناتوانرێ بە شێوەی نوسراو و وشە دەربڕێ بە خوێنەری بگەیەنێ.52

ئەو نیشانانەش کە پێوستە لەکاتی نوسیندا بەکاربهێنرێن بریتین لە:

**1.خاڵ(.):** خاڵ کاتێک دادەنرێت کە ڕستەکە تەواو بوبێ و نیشانەی کۆتایی قبوڵکردنی وتەو ئاماژەیە بۆ وەستانی تەواو.

جیا لەمە خاڵ لەم حاڵەتانەی خوارەوەشدا بەکاردێن:

-ئەگەر دەستەواژەیەک بەشێوەی کورتکراوە بەکارهێنرا، لە پاش هەر یەک لە پیتەکان خاڵ دادەنرێ بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر. وەک: ژ.(ژمارە)، هـ. س(هەمان سەرچاوە).

-هەندێک جار بۆ کورتکردنەوەی پیتی یەکەمی ناوەکە لە پێش ناوی دووەم دەنوسرێ. وەک: ح. گەوهەری(حامد گەوهەری).

-لە پاش پیتەکانی ئەلفبا بۆ جیاکردنەوەیان خاڵ پێویستە. وەک: أ. ب. ج...٥٣.

**٢ .نیشانەی پرسیار (؟): لەم حاڵەتانە بەکاردێت:**

-لە کۆتایی هەر ڕستەیەکی پرسیاریەوە دێت. وەک: مامۆستا لە خوێندکارەکەی پرسی ئایا جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەری لەسەر کورد هەبوو؟

-بۆ دەربڕینی واتایەک لە نێوان گومان و گاڵتەکردن بەکاردێت، لەم حاڵەتەدا نیشانە پرسەکە دەخرێتە نێوان دوو کەوانەوە. وەک: لە کۆڕیای باکور دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی باڵادەستە (؟).

-لەکۆتای ناونیشانێک کەمانای پرسیاری هەیە وە خۆی بەشێکە لە ڕستەکە. وەک: کتێبی: "لە چ ئێستایەکدا دەژین؟" م خوێندەوە.٥٤

وە هەندێک وشە هەن کە ئامرازی پرسیارکردنیان پێ دەوترێ، لەسەرەتای ڕستەوە هاتن دەبێت لە کۆتاییدا نیشانەی پرسیار دابنێن. وەک: (بۆچی، کەی، چی، کێ، چۆن، ئایا، چەند...).٥٥

٣ .نیشانەی سەرسوڕمان: ئەم نیشانە لە دوای وشەیەک یاخود ڕستەیەک یان واتایەک دێت، کەجێگەی سەرسوڕمان بێت،٥٦ یان ڕاگەیاندنی هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراو و لەناکاو خۆشبێ یان ناخۆش.٥٧

وەک: بەڕاستیی ئەم کتێبە شایستەی خەڵاتە!

٤ .ویرگوڵ، فاریزە(،): زۆرترین نیشانەیە کە بەکاردەهێنرێ، زۆر کات بەکارهێنانی هەمە چەشنە وەک :

-لەنێوان بەشەکانی ڕستە کە بە(و) یان (یان) لەیەک جیادەبنەوە، وە زیاتر لەیەک بەشن. وەک: هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوە شوێن، کات و بابەتێک لەبەرچاو بگرن.

-بۆ جیاکردنەوەی دوو ڕستەی سەربەخۆ کە بەئامرازی پەیوەندی پێکەوە گرێدراون.٥٨ وەک: یەکێک لە سەربازەکان هەڵهات، وە ئەوانی تریش کەوتنە دوایی.

-ڕاستەوخۆ لە پاش کەوانەی دووەم دێت، بەڵام لەپێش کەوانەی یەکەم نایەت.٥٩ وەک: جەنگی دووەمی جیهانی لە ماوەی ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٥)، ڕوویدا.

-بۆ جیاکردنەوەی ڕستەیەک، یان هەر دەستەواژەیەکی زیادە لەڕستەی سەرەکی، بەو مەرجەی کە لابردنی زیان بە ڕستەی سەرەکی نەگەیەنێ. وەک: یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی نوسین، وەک ئەوەی پێشتر گوتمان، خاڵبەندی دروستە.٦٠

-لەنێوان ڕستەی مەرج و وەڵام.٦١ وەک: کاروان جەنگاوەرێکی بە توانایە، چونکە ڕاهێنانی زۆر دەکات.

-بۆ ڕستەی وەسفی. وەک: لای مامۆستایەک دەخوێنم، کە زۆر زیرەکە.٦٢

-له پەراوێزو لیستی سەرچاوە بۆ بەستنەوەی بەشەکانی سەرچاوەیەک بەکاردێت.٦٣

**٥ .دوو خاڵ لەسەریەک(:):** دەستەواژەی پاش خۆی ڕاڤەو شیدەکاتەوە. ئەم نیشانەیە پیشانی دەدات بابەتی زیاتر لە پێشماندایە، واتە بابەتی سەرەکی ڕوون دەکاتەوە.٦٤

وە لەم حاڵەتانەش بەکاردێت:

-لە پێش ووتەی وەرگیراوی ڕاستەوخۆوە دێت.

-لەنێوان ناوی نوسەرو ناوی کتێب یان وتار یان ناونیشانی سەرچاوەکە دێت.٦٥ - لەنێوان دوو ڕستەدا کە ڕستەی دووەم ڕاڤەی ڕستەی یەکەمە. وەک: گرنگترین پادشاکانی سەفەوی بریتین لە: شا ئیسماعیل، شا عەباس...هتد.

-لە پاش دەستەواژەکانی وەک(بەم شێوەی خوارەوە، ئەمانەی خوارەوە) دێت.٦٦

**٦ .نیشانەی لابردن یان سێ خاڵ(...):** هەر کات بابەتێک بەهەر هۆکارێک پێوست بە پچڕان بکات، بۆ پیشاندانی بڕینی دەستەواژەکە دەبێت سود لەنیشانەی لابردن وەرگرین.٦٧

لەم حاڵەتانەی خوارەوەش بەکاردێت:

-بۆ جێگرتنەوەی لابردنی وشەیەک لە ڕستەیەک یان چەند ماددەیەک لە پێرستێکدا، لەم حاڵەتەدا سود لە سێ خاڵ بەشوێن یەکەوە وەردەگرین.

-بۆ ئاماژەدان بە لابردنی ڕستەیەک لە مەتنێکدا لەم حاڵەتەدا چوار خاڵ دادەنێن(یەک خاڵیان لە جێگەی کۆتای ڕستەی پێش بابەتی لابراو وە سێ خاڵەکەی تریشیان لە بری بابەتی لابراو دادەنرێت).٦٨

**٧.داش(-):** داش یان شاریحە لەم حاڵەتانە بەکاردێت:

-بۆ دوبارە کردنەوە یان شیکردنەوەی بابەتێک.

-بۆ کورتکردنەوەو پوختکردنی بابەتێک لە ڕستەیەکدا.

-بۆ جیاکردنەوەی ژمارەی پیتەکان.٦٩

-کاتێک لە ڕستەیەکدا وەستانی لە ناکاو هەبێت، ئەگەر ئەم وەستانە لە ناوەڕاستی ڕستە ڕوویدا دوو داش پێوستە، بەڵام ئەگەر لە کۆتای ڕستە بوو یەک داش بەسە، مەبەست لە وەستانیش دەربڕینی ڕستەیەکی نارازیە لەرووی واتایەوە هەندێک لەمانای ڕستەکە دوور بێت.٧٠

وەک: ئەوە شتێکی لەم بارەیەوە دەزانی- یاخود خۆی وای پیشاندەدا.

-لە نێوان دوو ژمارە یان ساڵ. وەک: ٢٠١٩-٢٠٢٠ یان ١٢٣لا-١٣٠.

-لە نێوان دوو دەستەواژەی پەیوەست بەیەکتر.٧١ وەک: بارودۆخی کۆمەڵایەتیی- ئابوریی.

**٨ .کەوانەی ئاسایی():** ئەم کەوانەیە لەم حاڵەتانە بەکار دێت:

-بۆ جیاکردنەوەی زانیاری زیاد لەڕستەی سەرەکی. وەک: بەپێی وتەی بێرنارد لویس(نوسەری ئەمریکی).

-بۆ نیشاندانی وشەو دەستەواژەی هاو واتا. وەک: فۆرس ماژۆر(نائاسایی).

-بۆ جیاکردنەوەی ژمارەکانی ناوەڕۆک لە وشەکان.٧٢ – لە هەندێک شێوازی پەراوێز، کەلە ناوەڕۆکدا دەنوسرێ وەک شێوازی شیکاگۆ ئەم کەوانەیە بەکاردێت.

-هەندێ کات بۆ ئاماژەدان بە ناونیشانی دووەمی کتێبێک بەکاردێت.٧٣

-بۆ بۆچونێک بەکاردێت، کە نە ڕوونکردنەوەیە نە ڕاڤەکردن. وەک: پێغەمبەر(صلی علیە وسلم).

-یان لە ڕیزبەندی ژمارەی پەراوێزەکان بەکاردێت.٧٤

-بۆ ڕوونکردنەوەی ساڵ و ڕووداوەکان، وە ئاماژەدان بە بەرواری لەدایکبوون و مردنی کەسایەتیە مێژووییەکان.٧٥

**٩ .دوو هێمای گواستنەوە یان گیومە(" "):** لەم حاڵەتانە بەکاردێت:

-لەکاتی گواستنەوەی ڕاستەوخۆی نوسینەکان لەسەرەتاو کۆتایەکەیدا دێت (واتە وەرگرتن یان نوسینی وتەی کەسێک بەبێ گۆڕانکاری).

-کاتێک لەپەراوێز ئاماژە بەناوی وتارێک دەکرێ دەخرێتە نێو گیومە.

-هەر کات بۆ دڵنیایی یان بە هۆکاری دیکە بمانەوێت دەستەواژەیەک لە ناوەڕۆکدا دیار بێت. وەک: وتم"پێنوسەکە بێنە.

-بۆ دیاریکردنی دەستەواژەکان و وشەکان.٧٦

**١٠ .وێرگوڵی خاڵدار(؛):** وێرگوڵی خاڵدار لە خاڵ لاوازترە، بەڵام لە وێرگوڵ یان کاما بەهێزترە، وە بۆ پەیوەست کردنی دوو ڕستە کە لە ڕووی واتاوە پێکەوە بەسترا بێتەوە.٧٧

**١١ .نیشانەی دوو کەوانەی گەورە({}):** لەم کاتانە بەکاردێت:

-بۆ زیادکردنی دەستەواژەیەک یان بابەتێک کەلە ناوەڕۆکی نوسیندا ئاماژەی پێنەکرابێت.

-بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی نوسەرانی پێشوو یان بۆ ڕوونکردنەوەو زیاتر تێگەیشتن لە ناوەڕۆک بمانەوێ وشە یان دەستەواژەیەکی بۆ زیاد بکەین، ئەوانە دەخەینە نێو کەوانەی گەورە.٧٨

**دەرئەنجام :**

پاش ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینە چەند راستییەک کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:

یەکەم: یەکێک لە بەشە گرنگەکانی نوسینی لێکۆڵینەوە بریتیە لە بەکارهێنانی پەراوێز، کە یارمەتی لێکۆڵەر دەدات تاوەکو بتوانێت لەم رێگەیەوە زیاتر لێکۆڵینەوەکەی بەو زانیاریانە دەوڵەمەند بکات کە ناتوانێ لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەیان پێبکات، بەمەش لێکۆڵەر دەتوانێ لە پەراوێزدا بیانوسێت.

دووەم: لێکۆڵەر دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت چ شێوازێک لە پەراوێز بۆ کارەکەی بەکار دێنێت، دەبێت هەموو هەنگاوەکانی ئەو شێوازە یەک لەدوای یەک بیانگرێتە بەر. واتە نابێت لە تەوەرێک یاخود بەشێکی لێکۆڵینەوەکەیدا شێوازێک لە پەراوێز بەکاربهێنێت و لە تەوەرو بەشێکی تردا شێوازێکی دیکە پەیرەو بکات، بۆیە دەبێت هەر لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتای لێکۆڵینەوەکە یەک شێواز بەکاربهێنێت.

سێیەم: بەکارهێنانی شێوازی پەراوێزیش دەبێت لەسەر خواستی لایەنی بەرانبەر بێت کە لێکۆڵینەوەکەی بۆ دەنوسی واتە (زانکۆ، دەزگا ئەکادیمیەکان...هتد)، ئەمەش دەبێت سەرەتاو بەر لەدەستپێکردنی کارەکەمان ئەو رێنماییانەیان لێوەرگرین بۆ ئەوەی دواتر دوچاری گرفت نەبینەوە.

چوارەم: پەراوێز چەندین جۆرو شێوازی هەمەجۆر لەخۆ دەگرێت، کە دەکرێت یەکێکیان بۆ بەش و بوارێک گونجاو تر بێت لە بوارێکی دیکەدا، بۆیە بەشە زانستە مرۆڤایەتییەکان زیاتر پشت بە شێوازی تورابیان دەبەستن، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زیاتر لە بەشەکانی دیکە پێویست دەکات لە پەراوێزدا چەمک و پێناسەکان ئاماژە پێبکەن و روونی بکەنەوە.

پێنجەم: خاڵبەندی یاخود هێماکانی نوسین، بەشێکی گرنگ و واتاداری نوسینی زانستییە، کەلەم رێگەیەوە یارمەتی لێکۆڵەر دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی رێکوپێک لێکۆڵینەوەکەی بنوسێ و پەیامی کارەکەی بە خوێنەر بگەیەنێ.

حەوتەم: پشت بەستن بە هێماکانی نوسین یان خاڵبەندی کاری نوسین بۆ لێکۆڵەر ئاسانتر دەبێت، چونکە یارمەتی دەدات تاوەکو بزانێت لە کوێدا بوەستێت و کۆتایی بە پەرەگرافێک بهێنێت و دەست بە نوسینی پەرەگرافێکی تر بکات، یان لە ناوەڕۆکدا لەرێگەی هێماکانەوە کار بۆ خوێنەر ئاسان دەبێت کە ئەم رستەیە لێرەدا مانایەکی تەواو دەبەخشێت و بەمەش دەتوانێت بوەستێت و بڕواتە سەر بابەتێکی تر.

## پەراوێزەکان:


1. محمود فتوحی، آیین نگارش مقاله پژوهشی، تهران، ١٣٨٩، ص١٩١؛ Turabian, Kate L. *A Manual for Writers of Research Papers, Theses, and Dissertations: Chicago Style for Students and Researchers*. The University of Chicago Press, 2020. P30-39.
2. تەلال مەجزووب، رێبازی لیکۆڵینەوەو ئامادەکردنی لێکۆڵینوەیەکی تیۆری و پراکتیکی، و. مەریوان عەبدول، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٧٣؛ عبدالفتاح خضر، أزمة البحث العلمی فی العالم العربی، السعودیة، ١٩٩٢، ط٣، ص٢٣.
3. علیرضا ملائی توانی، درآمدی بر روش پژوهش در تاریخ، چاپ سپیدار، تهران، ١٣٩١، چ٥، ص١٨٨.
4. حسین میر جعفری و مرتضی نورائی، روش پژوهش در تاریخ، سازمان انتشارات فرهنگ و اندیشه اسلامی، تهران، ١٣٨٨، ص١٢٨،١٢٩.
5. جواد هروی، روش تحقیق و پژوهش علمی در تاریخ، راهنمای نگارش تحقیقات در علوم انسانی و تاریخ، موسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٨٩، ص٢٤٨.

حسن حضرتی، روش پژوهش در تاریخ شناسی(با تأکید بر اصول و قواعد رساله نوسیسی)، انتشارات پژوهشکده امام خمینی و انقلاب اسلامی، تهران، ١٣٩٣، ص١٨١؛ J. Barzun and H.F. Graff, The Modern Researcher(Third Edition), New York: Harcourt Brace Jovanovich Inc., 1957, p. 15.

6. ردینة عثمان یوسف، أسالیب البحث العلمي في مجال العلوم الانسانیة والاجتماعیة، دارالمناهج، عمان، ص٨٥؛ عبدالوهاب ابراهیم ابو سلیمان، کتابة البحث العلمي صیاغة جدیدة، مکتبة الرشد، الریاض، ٢٠٠٥، ط٩، ص136.
7. أومبرتو إیکو، کیف تعد رسالة دکتوراه (تقنیات وطرائق البحث والدراسة والکتابة)، ت. علی منوفی، إسپانیا، ١٩٩٦، ط١٦، ص١٨٤.
8. محمود فتوحی، پیشین، ص١٩١.
9. أومبرتو إیکو، م. س، ص١٨٤.
10. ردینة عثمان یوسف، م. س، ص٨٥.
11. سەرور عەبدولڕەحمان عومەر، رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢٥٣.

12. ردينة عثمان يوسف، م. س، ص86.
13. عبدالواحد ذنون طه، اصول البحث التاريخي، الموصل، ١٩٩٠، ص198.
14. عليرضا ملائى توانى، پيشين، ص١٨٩.
15. حسن حضرتى، پيشين، ص١٨١.
16. جواد هروى، پيشين، ص٢٤٩.
17. حسين مير جعفرى و مرتضى نورائى، پيشين، ص١٢٩.
18. محمود فتوحى، پيشين، ص٢٠١.
19. حسين مير جعفرى و مرتضى نورائى، پيشين، ص١٢٩.
20. حسن حضرتى، پيشين، ص١٨٢.
21. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، س. پ، ل257.
22. حسين مير جعفرى و مرتضى نورائى، پيشين، ص١٣٠.
23. كاروان عوسمان عەلی، هەنگاوەكانی توێژینەوەی زانستی، ل٦٣.
24. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، س. پ، ل257
25. كاروان عوسمان عەلی، س. پ، ل٦٣.
26. ربحي مصطفى عليان، البحث العلمى- اسسه مناهجه وأساليبه اجراءاته، بيت الافكار الدولية، السعودية، ص294؛ رفرنس نويسى به روش APA چگونه‌است؟، https://jhub.ir/%d8%b1%d9%81%d8%b1%d9%86%d8%b3-%d9%86%d9%88%db%8c%d8%b3%db%8c-/%d8%a8%d9%87-%d8%b1%d9%88%d8%b4-apa
27. محمود فتوحى، پيشين، ص١٩٥، ١٩٧؛ انواع روش هاى ارجاع دهى و رفرنس نويسى در مقاله و پايان نامه، https://www.writeme.ir/%D8%A7%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%B9-%D8%B1%D9%88%D8%B4-%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D8%A7%D8%B1%D8%AC%D8%A7%D8%B9-%D8%AF%D9%87%DB%8C/
28. انواع روش هاى ارجاع دهى و رفرنس نويسى در مقاله و پايان نامه + مثال، https://www.writeme.ir/%D8%A7%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%B9-%D8%B1%D9%88%D8%B4-%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D8%A7%D8%B1%D8%AC%D8%A7%D8%B9-/%D8%AF%D9%87%DB%8C
29. Citation styles: Apa, Mla, CHICAGO, Turabian, IEEE: IEEE Style. (n.d.). Retrieved April 23, 2021, from https://pitt.libguides.com/citationhelp/ieee.
30. محمود فتوحى، پيشين، ص١٩٦، ١٩٧.
31. مرى لين رامپولا، راهنماى نگارش تاريخ، ت. لى لا سازگار، انتشارات آگاه، ١٣٩٤، ص١٧٧؛ احمد بدر، اصول البحث العلى ومناهجة، المكتبة الاكاديمية، القاهرة، ١٩٩٦، ط٩، ص٢٠٠.
32. حسن حضرتى، پيشين، ص١٨٣.
33. رحيم يونس كروالعزاوى، مقدمة فى منهج البحث العلمى، ٢٠٠٨، ص47 ؛ حسين مير جعفرى و مرتضى نورائى، پيشين، ص145.
34. عليرضا ملائى توانى، پيشين، ص١٩٢؛ روبرت .أ. دأى و باربرا جاستيل، كيف تكتب بحثا علميا و نشر، ت. محمد ابراهيم حسن و اخرون، القاهرة، ٢٠٠٨، ص١٢٠.
35. عبدالهادى الفضلى، اصول البحث، مؤسسة دار الكتاب الاسلامى، قم، ١٩٩٠، ص٢٥٤؛ حسن حضرتى، پيشين، ص١٨٢؛ احمد بدر، م. س، ص١٩٩.
36. سەروەر عەبدولڕەحمان عمر، س. پ، ل٢٦١.
37. حسين مير جعفرى، پيشين، ص١٤٤.
38. حسين مير جعفرى و مرتضى نورائى، پيشين، ص١٤٥،١٤٤.
39. همان، ص١٣٦، ١٣٧.
40. حسن حضرتى، پيشين، ص١٨٥.
41. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، س. پ، ل٢٧٢.
42. منذر عبدالحميد الضامن، أساسيات البحث العلمي، دار المسيرة، عمان، ٢٠٠٧، ص٢٤٤.
43. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، س. پ، ل٢٦٩.
44. حسين مير جعفرى و مرتضى نورائى، پيشين، ص١٥٠،149.
45. عليرضا ملائى توانى، پيشين، ص١٩٤.
46. مرى لين رامپولا، پيشين، ص185.
47. عليرضا ملائى توانى، پيشين، ص192.
48. حسين مير جعفرى و مرتضى نورائى، پيشين، ص148.
49. امير حسين آريانپور، پژوهش و پژوهش نامه، نشر گستره، تهران، ١٣٨٩، چ٥، ص٦٩.
50. حوسێن نزار فەزوڵلا، پوختەيەك لە ڕێبازی توێژینەوە، و. نەریمان عەبولڵا خۆشناو، چاپخانەی هێڤی، هەلێر، ٢٠١٦، ل٩٢.
51. آشنايى اجمالى با علايم نشانه گذارى، http://pooyesh.whc.ir/article/11992/%D8%A2%D8%B4%D9%86%D8%A7%DB%8C%DB%8C-

%D8%A7%D8%AC%D9%85%D8%A7%D9%84
%DB%8C-%D8%A8%D8%A7-
%D8%B9%D9%84%D8%A7%DB%8C%D9%85-
%D9%86%D8%B4%D8%A7%D9%86%D9%87-
:%DA%AF%D8%B0%D8%A7%D8%B1%DB%8C

"Importance of Punctuation in Research Papers (Part 1)." *Enago Academy*, 3 Dec. 2020, www.enago.com/academy/importance-of-punctuation-in-research-paper-part-1/.

52. جهانگیر قائم مقامی، روش تحقیق در تاریخ نگاری، انتشارات دانشگاه ملی ایران، ١٣٥٨، ص٥١.
53. امیر حسین آریانپور، پیشین، ص٧٠.
54. علیرضا ملائی توانی، پیشین، ص١٩٧.
55. حوسێن نزار فەزوڵلا، س. پ، ل102.
56. كاروان عوسمان عەلی، س. پ، ل٦٩.
57. حسن حضرتی، پیشین، ص١٩٠.
58. سعيد اسماعيل صينی، قواعد اساسية في البحث العلمي، بيروت، ١٩٩٤، ص٤٩٨؛ "PERIOD AND COMMA IN ABBREVIATION AND CONTRACTION." *You Have a Point There*, 2003, pp. 53–54., doi:10.4324/9780203379929-10.
59. حسن حضرتی، پیشین، ص١٩٠.
60. كاروان عوسمان عەلی، س. پ، ل٦٨.
61. علیرضا ملائی توانی، پیشین، ص198.
62. جواد هروی، پیشین، ص٢٩٥.
63. علیرضا ملائی توانی، پیشین، ص١٩٨.
64. جواد هروی، پیشین، ص٢٩٥.
65. علیرضا ملائی توانی، پیشین، ص١٩٨.
66. همان.
67. حسن حضرتی، پیشین، ص١٨٩.
68. غازی عناية، ئامادەكردنی توێژینەوەی زانستی- بەكالۆریۆس- ماستەر- دكتۆرا، و. بەهرە موحەمەد علی، كۆمەڵەی ئارا، ٢٠٠٩، چ٣، ل ٦١؛ جواد هروی، پیشین، ص٢٩٥.
69. حسن حضرتی، پیشین، ص١٩١.
70. علیرضا ملائی توانی، پیشین، ص١٩٩.
71. حسن حضرتی، پیشین، ص192.
72. جواد هروی، پیشین، ص296.
73. سعيد اسماعيل صينی، م. س، ص٥٠٢-٥٠٦.
74. علیرضا ملائی توانی، پیشین، ص١٩٩.
75. علیرضا ملائی توانی، پیشین، ص١٩٩.
76. حسن حضرتی، پیشین، ص190.
77. علیرضا ملائی توانی، پیشین، ص200.

## لیستی سەرچاوەكان:

### كتێبەكان: أ-بەزمانی كوردیی:


1. تەلال مەجزووب، ڕێبازی لیكۆڵینەوەو ئامادەكردنی لێكۆڵینەوەیەكی تیۆری و پراكتیكی، و. مەریوان عەبدول، دەزگای موكریان، هەولێر، ٢٠٠٧.
2. حوسێن نزار فەزوڵلا، پوختەیەک لە ڕێبازی توێژینەوە، و. نەریمان عەبولڵا خۆشناو، چاپخانەی هێڤی، هەلێر، ٢٠١٦.
3. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، ڕێبازی لێكۆڵینەوەی مێژوویی، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.
4. غازی عناية، ئامادەكردنی توێژینەوەی زانستی- بەكالۆریۆس- ماستەر- دكتۆرا، و. بەهرە موحەمەد علی، كۆمەڵەی ئارا، ٢٠٠٩، چ٣.
5. كاروان عوسمان عەلی، هەنگاوەكانی توێژینەوەی زانستی.


### ب-بە زمانی عەرەبیی:


6. احمد بدر، اصول البحث العلى ومناهجة، المكتبة الاكاديمية، القاهرة، ١٩٩٦، ط٩.
7. أومبرتو إيكو، كيف تعد رسالة دكتوراه (تقنيات وطرائق البحث والدراسة والكتابة)، ت. على منوفى، إسپانيا، ١٩٩٦، ط١٦.
8. ربحى مصطفى عليان، البحث العلمى- اسسه مناهجه وأساليبه اجراءاته، بيت الافكار الدولية، السعودية.
9. رحيم يونس كروالعزاوى، مقدمة فى منهج البحث العلمى، ٢٠٠٨.
10. ردينة عثمان يوسف، أساليب البحث العلمي في مجال العلوم الانسانية والاجتماعية، دارالمناهج، عمان.
11. روبرت .أ. دأى و باربرا جاستيل، كيف تكتب بحثا علميا و نشر، ت. محمد ابراهيم حسن و اخرون، القاهرة، ٢٠٠٨.

12. سعيد اسماعيل صينى، قواعد اساسية في البحث العلمي، بيروت، ١٩٩٤.
13. عبدالفتاح خضر، أزمة البحث العلمى فى العالم العربى، السعودية، ١٩٩٢، ط٣.
14. عبدالهادى الفضلى، اصول البحث، مؤسسة دار الكتاب الاسلامى، قم، ١٩٩٠.
15. عبدالواحد ذنون طه، اصول البحث التاريخى، الموصل، ١٩٩٠.
16. عبدالوهاب ابراهيم ابو سليمان، كتابة البحث العلمي صياغة جديدة، مكتبة الرشد، الرياض، ٢٠٠٥، ط٩.
17. منذر عبدالحميد الضامن، أساسيات البحث العلمي، دار المسيرة، عمان، ٢٠٠٧.
18.

ج- به زمانی فارسي:

19. امير حسين آريانپور، پژوهش و پژوهش نامه، نشر گستره، تهران، ١٣٨٩، چ٥.
20. جهانگير قائم مقامى، روش تحقيق در تاريخ نگارى، انتشارات دانشگاه ملى ايران، ١٣٥٨.
21. جواد هروى، روش تحقيق و پژوهش علمى در تاريخ، راهنماى نگارش تحقيقات در علوم انسانى و تاريخ، موسسه انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٨٩.
22. حسن حضرتى، روش پژوهش در تاريخ شناسى(با تأكيد بر اصول و قواعد رساله نوسيسى)، انتشارات پژوهشكده امام خمينى و انقلاب اسلامى، تهران، ١٣٩٣.
23. حسين مير جعفرى و مرتضى نورائى، روش پژوهش در تاريخ، سازمان انتشارات فرهنگ و انديشه اسلامى، تهران، ١٣٨٨.
24. عليرضا ملائى توانى، درآمدى بر روش پژوهش در تاريخ، چاپ سپيدار، تهران، ١٣٩١، چ٥.
25. محمود فتوحى، آيين نگارش مقاله پژوهشى، تهران، ١٣٨٩.
26. مرى لين رامپولا، راهنماى نگارش تاريخ، ت. لى لا سازگار، انتشارات آگاه، ١٣٩٤، ص١٧٧.

د. به زمانی ئینگلیزی:

1. J. Barzun and H.F. Graff, The Modern Researcher(Third Edition), New York: Harcourt Brace Jovanovich Inc., 1957, p. 15.

2- گۆڤار به زمانی ئینگلیزی:

2. "PERIOD AND COMMA IN ABBREVIATION AND CONTRACTION." *You Have a Point There*, 2003, pp. 53–54., doi:10.4324/9780203379929-10.
3. Turabian, Kate L. *A Manual for Writers of Research Papers, Theses, and Dissertations: Chicago Style for Students and Researchers*. The University of Chicago Press, 2020. P30-39.

3- سەرچاوە ئیلکترۆنیەکان(ئینتەرنێت):

أ-بەزمانی فارسی:

4. آشنايى اجمالى با علايم نشانه گذارى، https://bit.ly/2RZfk4L
5. انواع روش هاى ارجاع دهى و رفرنس نويسى در مقاله و پايان نامه + مثال، https://bit.ly/3gxsFeI
6. رفرنس نويسى به روش APA چگونه‌است؟، https://bit.ly/3xinNQt
7. محمود فتوحى، پيشين، ص١٩٥، ١٩٧؛ انواع روش هاى ارجاع دهى و رفرنس نويسى در مقاله و پايان نامه، https://bit.ly/3xlSK6k

ب- به زمانی ئینگلیزی:

8. "Importance of Punctuation in Research Papers (Part 1)." *Enago Academy*, 3 Dec. 2020, www.enago.com/academy/importance-of-punctuation-in-research-paper-part-1/.
9. Citation styles: Apa, Mla, CHICAGO, Turabian, IEEE: IEEE Style. (n.d.). Retrieved April 23, 2021, from https://pitt.libguides.com/citationhelp/ieee.


## الهامش وعلامات الترقيم في البحوث التاريخية

البحث هو أحد الاحتياجات الرئيسية لتحقيق التنمية الشاملة لبلد وقوة واستقلال كل بلد على ألاساس البحث وإنتاج العلوم. ولذلك، فإن نوع ومستوى الأنشطة البحثية هو أحد المؤشرات الرئيسية للتنمية. البحوث التاريخية تشبه دراسات أخرى مثل الجغرافيا وعلم الاجتماع وعلم النفس... الخ) ، وأساليبها الخاصة ، والطلاب بحاجة إلى النظر فيها والالتزام بها أثناء البحث التاريخي ، ومن هذا المنطلق ، هناك العديد من ألاساليب الكتابة الهامشية في البحث التاريخي ، والتي تحتاج إلى النظر فيها أثناء كل دراسة ، وتستخدم من قبل المحقق ، يمكن أن تكون إحدى الطرق أيضا أكثر ملاءمة للبحث التاريخي من الدراسات الأخرى ، أو يجب على المحقق الالتزام بالطريقة التي يحددها هو أو رئيسها أو قسمها ووكالة. استخدام علامات الترقيم عند كتابة أي موضوع علمي مهم ينبغي أيضا أن ينظر بشكل جيد من قبل الباحثون لمزيد من الفهم العلمي لهذا الموضوع ، فضلا عن مساعدة القراء على فهم الموضوع بسهولة أكبر.